شاڵاو عەباس

باشترین یاریزانی خولی پلە یەکی کوردستان:

# بەهیوای ئەوەم بتوانم لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم

دیمانە: کارزان کانەبی



**شاڵاو عەباس لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری سلێمانییە و قوتابی زانکۆیە و هاوکات یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستانە و ماوەی دوو وەرزە توانی ببێتە گۆڵکار و باشترین یاریزان لەسەر ئاستی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەمساڵیش شاڵاو رۆڵی کارای بینی لەسەرخستنی یانەی سیروانی نوێ بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان و پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی نەورۆز و سیروانی نوێ یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

*** چۆن بوو توانیتان بگەنەوە خولی نایابی کوردستان؟**

- بە بۆچوونی من هۆکاری سەرکەوتنی یانەکەمان یەکڕیزی یاریزانان و یەکدڵ بوونمان بوو لە ناو یەکتردا، هەموومان ئامانجێکمان هەبوو ئەویش بەدەستهێنانی سێ خاڵ لە هەر یارییەکدا، ئاست بەرزی یاریزانان و دڵسۆزی بۆ یانەکەمان ئەوانە هۆکار بوون.

*** ئاستی یاری تۆپی پێی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەگەر سەیری ساڵانی پێشوو بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تا رادەیەکی باش بەرەوپێش چووە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە بۆ گەیشتن بە ئاستی نایاب بەگشتی.

*** گەشبینی بە ئاستی تۆپی پێی لە شارەکەتان؟**

-بەڵێ، گەشبینم، بەڵام زۆریش نا، چونکە ئەوەی بزانم وەکو هەولێر و دهۆك و زاخۆ و شارەکانی تر گرنگیی پێویستی پێ نەدراوە، ئەمیش دەکەوێتە سەر کەسە سیاسییەکان و کۆمپانیاکان کە بتوانن پشتگیری سلێمانی بکەن بۆ ئەوەی زیاتر یاری تۆپی پێی ئەم شارە بەرەوپێش بچێت.

*** چۆن بوو نازناوی باشترین یاریزانی خولی پلە یەکت بەدەست هێنا؟**

-متمانەم بە خۆم هەبوو، جگە لەوەش گوێڕایەڵی راهێنەر بووم و زیاتر حەزی من بۆ ئەو خەڵاتەش کاریگەری هەبوو، چونکە من بۆ دووەم ساڵ بووەمە باشترین یاریزانی خولەکە و نازناوی وەرزی رابردووش وای لێ کردم، ئەمساڵیش ئەم نازناوە بەدەستبهێنم و هەوڵی بۆ بدەم .

*** ئایا لەلایەن یانەکانی دیکەوە هیچ گرێبەستێك بۆ هاتووە؟**

-وابزانم جارێ زووە بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانان، چونکە سیروانی نوێ تا ئێستا کۆبوونەوەی نەکردووە، بەڵام من چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی ترەوە.

*** ئەمساڵ ئاستی باشت پێشکەش کرد، بۆچی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان نەبووی؟**

-من پێم باشە ئەم پرسیارەی ئێوە ئاراستەی راهێنەری هەڵبژاردەکە و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکرێ، ئایا لە چ وڵاتێکی جیهان دوو ساڵ لەسەر یەك باشترین یاریزانی خولی کوردستان بیت و ناوت لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەت نەبێت؟ وابزانم تەنیا لە کوردستان شتی وا دەبێت، چونکە یاریزانەکان هەمووی هی نایاب بوون، کەواتە خولی پلە یەك بۆ کات بەسەربردن دانراوە.

*** بەرنامەت چییە لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ بەردەوام دەبی، یان دەچیتە یانەیەکی تر؟**

- دەتوانم بڵێم یانەی سیروانی نوێ خۆشەویستترین یانەیە لەلام، بەڵام تا ئێستا نازانم بڕیاری کۆتاییم نەداوە.

***گرفتی یانەی سیروان زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- هەموو یانەیەك بەپێی گەورەیی یانەکە گرفتی هەیە، یانەی سیروانی نوێش بێبەش نییە لەم گرفتانە، گرنگیدان بە یاریگای باشتر و باشتکردنی توانای دارایی و چەند هۆکارێکی بچووکی تریش هەن.

*** لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت؟**

-بە هیوای ئەوەم بتوانم لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم و بەهیوای ئەوەم مێژوویەکی جوان بۆ خۆم و بۆ شاری سلێمانی بنووسمەوە.

*** بە چ یاریزانێك لە جیهان و کوردستان سەرسامیت؟**

-لیونێل میسی لە جیهان لە کوردستانیش بە حەمە جیجی.

*** بەنیاز بووی روو لە یانەی برایەتی بکەیت، بۆچی لەگەڵیان بەشداری خولی عێراقت نەکرد؟**

-نەخێر، ئەوان پێوەندییان بە منەوە نەکردووە، بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام لە خەمی وەرزشکارانن و سوپاسی سەرجەم ئەو راهێنەرانە دەکەم کە لەگەڵم ماندوو بوون و هەروەها سوپاسی هاوڕێکانم لە یانەی سیروانی نوێ و هاندەرە خۆشەویستەکان دەکەم و سوپاس بۆ خانەوادەکەم کە زۆر پاڵپشتم بوون.

**ئایا لە چ وڵاتێکی جیهان دوو ساڵ لەسەر یەک باشترین یاریزانی خولی کوردستان بیت و ناوت لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەت نەبێت؟ وابزانم تەنیا لە کوردستان شتی وا دەبێت**

**هەموو یانەیەک بەپێی گەورەیی یانەکە گرفتی هەیە، یانەی سیروانی نوێش بێبەش نییە لەم گرفتانە**






# مانچستەر سیتی بەرگریکارێکی گواستەوە ریزەکانی

یانەی مانچستەر ستی بەفەرمی واژۆکردنی گرێبەستێکی لەگەڵ جۆن ستۆنزی بەرگریکاری یانەی ئێڤەرتۆن راگەیاند. جۆن لە خوازراوترین بەرگریکارەکانی ئینگلتەرایە و بە پیکێی نوێ ناسراوە. ماوەی دوو ساڵە مانچستەر سیتی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەدات تاوەکو بەفەرمی گرێبەستێکی بۆ ماوەی شەش وەرز لەگەڵ واژۆکرد. ئیڤەرتۆن داوای (٥٠) ملیۆن پاوەندیان دەکرد بۆ دەستبەرداربوون لەو یاریزانە، بەڵام لە کۆتاییدا بە (٤٧.٥) ملیۆن پاوەند دا گەشتوونەتە رێککەوتن. بەمەش ناوبراو بووە گرانترین بەرگریکاری بەریتانی لە مێژوودا و پێش ریۆ فێردیناند کەوت کە بەرامبەر(٢٩) ملیۆن روویکردووە مانچستەر یونایتد وە دووەم گرانترین بەرگریکاری مێژووە.



# فرانک دی بوێر بۆ ڕاهێنەری ئینتەرمیلان

یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵیا بە فەرمی ڕایگەیاند کە (فرانک دی بوێر)ی هۆڵەندی وەک ڕاهێنەری یانەکە و شوێنگرەوەی (ڕۆبێرتۆ مانشینی) دەست نیشانکردووە.

ئینتەرمیلان لەپەیجی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاویکردووەتەوە، کە دی بوێر وەک راهێنەر بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناساندرا، هەروەها پەیجەکە پەیامێکی ڕاهێنەرە تازەکەی بە گرتەیەکی ڤیدیۆیی دابەزاندووە، کە تێیدا دی بوێر دەڵێت: من دڵخۆشم لەگەڵ ئێوەم، هیوادارم بە زووترین کات بە یەک بگەین.

بە گوێرەی هەواڵەکان گرێبەستی دی بوێر کە تەمەنی ٤٦ ساڵە لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان بۆ ٣ ساڵ دەبێت و مووچەی ساڵانەی ئەو ڕاهێنەرەش ٢ ملیۆن یۆرۆ دەبێت.



# خیسێ چووە پاریس سان جێرمان

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رایگەیاند، هێرشبەری یانەکەی خیسێ رۆدریگز، بە فەرمی چوو ریزی یانەی پاریس سان جێرمان.

یانەی شاهانەی ئیسپانیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، ڕێزێکی زۆرمان بۆ رابردووی خیسێ هەیە لەو ساڵانەی کە لە یانەکەمان یاریکردووە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە کاروانی داهاتووی.

بەگوێرەی زانیارییەکان، گواستنەوەی خیسێ لە مەدریدەوە بۆ پاریس بە بڕی ٢٥ ملیۆن یۆرۆ بووە، لە کاتێکدا گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید هێشتا ساڵێکی مابوو کۆتایی پێبێت.





# رامیار لە دەرگای یانە گەورەکان دەدات

دوای ئـەوەی رامیـار ئـازاد گۆڵـکاری یانەی وەرزشـیی هەولێری کوردسـتانی بەرەو تاراوگـە جێهێشـت و چـووە وڵاتی ئەڵمانیا، لە یانەیەکـی ئەڵمانی لە خولی پلە چواری ئـەم وڵاتـە یـاری دەکات. رامیـار دەیەوێت لـە رێگەی ئەم یانەیە و بە ئاسـتی خۆی لە دەرگای یانـە گەورەکانـی ئـەو وڵاتە بدات بۆ ئەوەی گرێبەسـتی لەگەڵ واژووبکەن، لە بـارەی پێوەندیکردنیشـی بـە تیپـە تازەکەی رامیار ئازاد لە وڵاتـی ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گـوڵان گوتـی: «ئێسـتا لـە خولی پلە چـواری ئەڵمانیا یـاری دەکەم بـۆ یانەی (Vfb Ibeck)، زۆر دڵخۆشیشـم چونکە ئەوەی لە سـەر من بووە لەم ماوەیە کورتە پێشکەشـی یانەکـەم کـردووە و لـە سـێ یاری سـەرەتایی دەسـتپێکی خولەکەش وەکو یاریزانی سـەرەکی یاریم کردووە و چوار گۆڵم تۆمارکردووە و دوو گۆڵیشم درووست کردووە و دەستەی راهێنەران ئاستی منیان زۆر بەدڵە و بەهیوای ئەوەم بتوانم لەم ئاستە بەرزەم بەردەوام بم بۆ ئەوەی بگەمە تیپـە گەورەکانـی ئـەو وڵاتە.» لە بارەی گەڕانەوەی ناویشـی لەفیفا وەکو یاریزانێکی پیشـەگەر رامیـار گوتـی: «بـە فەرمـی نـاوم لە فیفا گەڕاوەتەوە و من ئێسـتا لە خولی پلە چـوارم، بەڵام لە تیپـی دووەم یـاری دەکـەم و بڕواشـم بەخۆم هەیـە لە ئایندەیەکی نزیك بۆ تیپی یەکەم سـەردەکەوم.» لەبارەی پێوەندیکردنی تیپەکانی دیکەش بە رامیار بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکات، رامیار گوتی: «تائێسـتا هیچ یانەیەك داوای یاریکردنی لێم نەکردووە، چونکە ئێستا سەرەتای دەستپێکی یارییەکانە، بۆیە ئەوان چاودێری دەکەن و ئەگەر ئاسـتم وەکـو پێویسـت بێت، ئێتـر خۆیان بەدوامـدا دەگەڕێن، منیش بە هیوای ئەوەم لەم یانەیەوە لە دەرگای یانە گەورەکانی ئەڵمانیا بدەم و بە ئاستی خۆم بوونی خۆم لە پێکهاتەی تیپە گەورەکانی ئەو وڵاتـە ببینمـەوە، بـۆ ئەوەی ئەوانیـش بزانن چەندیـن یاریزانی بەهرەمەندی کورد لە ئاسـتی ئەوەیە بگاتە بەرزترین ئاسـتی یـاری تۆپـی پـێ و بتوانێ لە ریزی یانـە گەورەکانی ئەو وڵاتە یاری بکات.

# دارەوان قادر دەستی لەکەرکووک بەرنابێت




تاکو ئێستا یانەی کەرکووك هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووە بۆ وەرزی نوێـی خولـی نایابی یانەکانی کوردسـتان کە تاکو ئێسـتا یەکێتـی فیدراسـیۆنی تۆپـی پێـی کوردسـتان بەفەرمـی وادەی دەسـتپێکردنی خولەکـەی رانەگەیانـدووە، بەهـۆی ئـەو قەیرانـە داراییـە سـەختەی کـە رووی لە هەرێمی کوردسـتان کردووە و تا رادەیەك وەرزش سست بووە، بەڵام یەکێتی فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە، راهێنەری وەرزی رابـردووی یانـەی کەرکووکیـش لـە چاوەڕوانـی تیپەکەیە بـۆ ئـەوەی بانگهێشـتی بکـەن بۆ رێکخسـتنی تیپێك بـۆ یانەی کەرکووك، لەم بارەشـەوە دارەوان قادر راهێنەری وەرزی رابردووی یانـەی کەرکـووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تا ئێسـتا یانەی کەرکـووك دەسـتی بە ئامادەکاری نەکـردووە و هەروەکو خۆیەتی، بەهۆی قەیرانی داراییش سـاڵانی پێشـوو هەر بەم شـێوەیە بووەو



# ڕەوا یوسف
# چاوی لە خولی عێراقە

دوای ئەوەی وەرزی رابردوو رەوا یوسف توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولی پلە نایابی کوردستان لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی پلەی دووەمی خولەکە بەدەست بهێنێت، رەواش رۆڵی کارای بینی، بۆیە ئەم وەرزەش کارگێڕانی یانەی پێشمەرگە گرێبەستیان بە بڕی ١٥ملیۆن دینار بۆ وەرزێکی دیکە لەگەڵ ئەم یاریزانە نوێ کردەوە. هەر چەندە ناوبراو ئێستا خەریکی ئەنجامدانی مەشق و راهێنانە لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق، بەڵام رەوا چاوی لە یاریکردنە لە خولی عێراقی لەم بارەشەوە رەوا یوسف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا من لە ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقم و هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم هەتا بە ئاستی خۆم ببمە یاریزانی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردەیە، لەوێش ئاستی شایستە پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی بکەم، چونکە تاکە ئاواتی من یاریکردنە لەخولی عێراقی.» لە بارەی رەتکردنەوەی ئەو گرێبەستانەی پێشکەشی کرابوون، رەوا گوتی:»لە چەند یانەیەك گرێبەستم پێشکەش کرابوو لە شاری هەولێر و لە شاری دهۆکیش، بەڵام من یاریکردنم لە ریزی یانەی پێشمەرگە پێ باشتر بوو، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆم بدەم.» رەوا ئێستا تەمەنی ١٨ ساڵە، بەڵام ئەو هیوای گەورەی هەیە ئامانجی ئەوەیە وەکو تاکە یاریزانی کوردی ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بتوانێ هەموو تیپەکانی هەڵبژاردەکەی ببڕێ و ببێتە یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق و لەگەڵ یەکێك لە باشترین یانەکانی عێراق یاری بکات.

بەر لە خولەکە ئامادەکاری کردووە.» ئەوەشی ئاشکرا کرد کەوا تاکو ئێستا یانەی کەرکووك پێوەندییان پێوە نەکردووە، چونکە لە ئێستا هیچ یانەیەك چارەنووسی خۆی دیاری نەکردووە، لەبارەی داوابڕیاری خۆیشی بۆ کاری راهێنەرایەتی دارەوان گوتی: «تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە، لەبەر ئەوەی تاکو یانەی کەرکووك چارەنووسی خۆی یەکلایی نەکاتەوە، من هیچ بڕیارێك نادەم.» گوتیشی: «من دەستم لە یانەی کەرکووکی شارەکەم بەرنابێت، چونکە کەرکووك منی کردووە بەو کەسەی ئێستا هەیە، بۆیە چاوەڕوانی چارەنووسی یانەی کەرکووك دەکەم، ئەوکات بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆم دەدەم .»